وەزیری بەرگری چین لە پەستەکەی دورخرایەوە



سەرۆک کۆماری چین واژۆی لەسەر دورخستنەوەی وەزیری بەرگری وەاتەکە کردوە، ئەویش لە دوای دومانگ لە دیارنەمانی، کۆتا جاریش گومان هەبو کە ئەو بەرپرسە چینییە دەستبەسەر کرابێت و لە ژێرلێکۆڵینەوەدا بێت

میدیا چینییەکان باویان کردوە، شی جینگ بین سەرۆک کۆماری چین نوسراوی دورخستنەوەی لیشانگ فو وەزیری بەرگری وەاتەکەی واژۆ کرد، کۆتا جار کە وەزیری بەرگری چین بەدی کرا لە ڕۆژی29ی مانگی ئاب بوو.

لە کۆتا چالاکیشیدا وەک وەزیری بەرگری چین وتارێکی لە کۆبەندی ئاشتی و ئاسایشی چین وئەفریقای سێیەم پێشکەشکرد، کە لە پەکینی پایتەختی کۆماری چین بەڕێوەچو.